# ئایا نەتبینی ئەمشەو هەندێک ئایەت بۆ سەرم دابەزی وەکو ئەمانە هەرگیز نەبینراوە؟ (قل أعوذ برب الفلق) و (وقل أعوذ برب الناس)

لە عوقبەی کوڕی عامرەوەی -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئایا نەتبینی ئەمشەو هەندێک ئایەت بۆ سەرم دابەزی وەکو ئەمانە هەرگیز نەبینراوە؟ (قل أعوذ برب الفلق -سورەتی الفلق-) و(وقل أعوذ برب الناس -سورەتی الناس-)».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئایا نەتبینی): واتا ئایا نەتزانی، وئەمیش وتەیەکی تایبەتە بۆ گێڕەرەوەی فەرموودەکە (بۆ عوقبە) بەڵام مەبەست پێی وتەیەکە بۆ هەموو خەڵکی، وئەم وتەیە بە مانای سەرسوڕمان دێت، وهۆکاری سەرسوڕمانەکە ڕوونکراوەتەوە، کە دەفەرموێت: (وەکو ئەمانە هەرگیز نەبینراوە): واتا لەم بابەتەدا کە پەناگرتنە، وکە دەفەرموێت: (هەرگیز): واتا بۆ دووپاتکردنەوەی نەفیکردنە، کە دەفەرموێت: (( (قل أعوذ برب الفلق -سورەتی الفلق-) و(وقل أعوذ برب الناس -سورەتی الناس-) )): واتا هیچ ئایەتێکی هەموو سورەتەکانی قورئان نییە کە هەموو پەناگرتنی تێدا بێت بۆ خوێنەری وەکو ئایەتەکانی ئەم سورەتانە چونکە پەناگرتنی تێدایە بە خوای گەورە بۆ ئەوەی بیپارێزێت لە شەڕ وزیان وخراپە، وهەرکەسێک بە ئیمان وڕاستگۆییەوە بیانخوێنێت کە بەهۆی ئەم خوێندنەوە داوای پەناگرتن وپاراستن دەکات لە پەروەردگار؛ ئەوا خوای گەورە پەنای دەدات ودەیپارێزێت، بۆیە پێویستە مرۆڤ پەنا بە خودا بگرێت لە هەموو شەڕ وخراپەیەک ئەویش بە خوێندنی ئەم دوو سورەتە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10114

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee